# کریسمس و مەرگی نەوڕەسەکان

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

بێ لەڕۆشنایی شیعر..،

ئەمشەو،

لەتەمۆمێ شك ئەبەم،

بیکەم، بەهاودەم و هاوڕازی خۆم و پێکەکەم..

سپێدەش..،

چەشنی چەندین سپێدە..!

دڵم کانگای تێکشکان و بەرەو ژووربوونی هیواو ئومێدە..،

ئەم ئازارەش،

لەوانەی مناڵیم ناچێت..!

لەگریانە بەکوڵەکانی من و دایکم جیاوازترە..،

بڕواش ناکەم،

بەئاسانی دەست هەڵگرێت..!

زەنگی زووڵاڵەو یاد ئەخرۆشێنێ،

نامروەتانە..،

نامۆیی و،

هەراسانی و ،

بێ نەواییم پێ ئەچێژێ،

ڕۆژنیە فرمێسکی، دوای چل ساڵیم پێ نەرێژێ..،

بۆن کرِوزی ناخ و دەروونی،

فریشتەکانی وێرانەی دەروونمن..

دوالایلایەی بەجۆشی مەرگە بۆ ڕۆحم..!

سازانم..!

چونکە قەدەر نەهەنگێ بوو..،

لە ووشکایی ئیرادەیا داد پەروەر بوو..!

ناشزانم کەی..!؟

ئازاری ئەم دابڕانە..،

ڕووی خۆی ڕەش دەکات و سەر هەڵدەگرێ..!

ناشزانم کەی..!؟

لەجریوەو دەنوك گرتنی پاساریەکانی بەیانیان، لەشووشەی پەنجەرە تەڵخەکەی_

ژوورە زیندانیەکەم بێزارنابم..!

چیتریش..،

مەرگی نەوڕەسەکانی..،

کەنار،

دەریای چاوەکانی فریشتەکانم..،

لەکفنی ڕەشا نەبینم.

*